# فێستیڤاڵێکی سنوورپسێن

ئامادەکردنی: **جەزا چنگیانی**

ئەگەر ئەرکی نووسەر و هونەرمەند وێنەکێشانی نەخشە ئیستاتێکییەکانی ڕۆحی مرۆڤ و زۆرانگرتنی گرفتەکانی بێت، ئەوە ڕمان و پسان و نەفرەتکردنی سنوورەکان، لەمپەرەکان، دیوارەکان و سڕینەوەی هێڵەکانی نێوان مرۆڤ و قرتاندنی ئەو تەلە دڕکەزیانەی دەستی تەوقە و گۆنای ماچی دانیشتووانی گوندێک، شارێک زامدار دەکەن، ئەرکی ڕەسەنی نووسەران و هونەرمەندانە.

لە ڕۆژانی ٢٠٠١/٤/٢٨ و ٢٩/٤/٢٠٠١ لە هۆڵی (خانەی ئەدەبی)ی شاری بەرلین ئەنستیتوتی کوردی فێستیڤاڵێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی سازکرد، کە تێیدا بانگهێشتی کۆمەڵە پەنجەیەکی بەتوانا و چەپکە پێنووسێکی هەر چوار پارچەکەی کوردستانیان کردبوو. ئەم فێستیڤاڵە جگە لەوەی نرخێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی مەزنی هەبوو، لە پاڵیدا بەهایەکی نەتەوایەتی لە ڕۆح گرتبوو، بەوەی ئەنیستیتوتی کوردی و سەرۆکەکەی کاک (محەمەد ئەمین پینجوێنی)ی شاعیر توانیان دەلاقەیەک لە ڕووی پێناسین و ئاشناکردن و بە خوشک و براکردنی (خوشک و برا) لەیەکدابڕاوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بکەنەوە و هەناسە و هەست و توانایان لە هۆڵێکدا تێکەڵاو بکەن. ئەم فێستیڤاڵە زۆر دەهێنێت لەسەری بنووسرێت، وەلێ هەوڵ دەدەین لە ئاوێنەی ڕووی وشە، مۆسیقای ڕستە، چەپڵەی شیعر، زەردەخەنەی چیرۆک و بازووی ڕۆمان ئاوزانی توێژینەوەوە بە خوێنەری (پەیام)ی هێژای ئاشنا بکەین.

## ڕۆژی یەکەم: ٢٠٠١/٤/٢٨

ڕۆڵی وێژە لە پێشکەوتنی ڕامانی نەتەوەییدا: لەلایەن برای نووسەر کاک (جان دۆست) باشووری بچووک. ئەم نووسەرە ماوەی دە مانگە گەیشتۆتە ئەوروپا، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی


مولازم ئۆزقان

بەپێزە بە زمانەکانی کوردی و عارەبی، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی نووسەران و دەسگا و گۆڤار و بڵاوکراوەکان کرد لە دروستکردن و پاراستنی کەسایەتیی کوردی، بەتایبەتی لە باشووردا. ئەم برایە هەوڵی دابوو باسەکەی لە هەوڵدانی (ئەحمەدی خانی)یەوە گرێ بدات بۆ ئەم سەردەمە لە بونیادی فیکری نەتەوەییدا.

**ڕەوشی کورتەچیرۆکی کوردی لە باشووردا:** لەلایەن شاعیری بەتوانا و بەسەلیقەوە کاک (بەکر حەسەن)ەوە لێکۆڵرایەوە. توانی لە ماوەیەکی کەمدا بە سەلیقەیەکی فراوانەوە باوەشی زانستی لەمەڕ هونەری کورتەچیرۆکی کوردی باشووردا تینوێتی گوێگران بشکێنێت. سەرەتای دەستپێکردنی بابەتەکەی بە شێوەیەک داڕشتبوو، گەر بواری فراوانی هەبووایە دەیتوانی زیاتر و فراوانتر لەم بارەیەوە بدوێت، ئاماژەی بەو نەگبەتییە کرد، کە هونەری کورتەچیرۆکی کوردیش بەر شاڵاوی پارچەکردنی کوردستان کەوتووە.


حەمەسەعید حەسەن

نرخاندنی گشتی لەسەر ڕۆمانی کوردی لە باکوور لەلایەن برای بەڕێز (مەدەنی فەرحۆ)وە. ئاوڕدانەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زیرەکانە بوو لە ڕووی ئەو بابەتەوە.

**تێکستە ئەدەبییەکان لە دینی یەزیدیدا:** بەڕێز (د. خەلیل جندی). ئەم کاکەیە پێی وابوو هەموو (قول)ەکانی دینی یەزیدی باس لە بەسەرهاتێک دەکەن، ئەم بەسەرهاتەش لە خۆیدا بەرهەمی ئەدەبی و سامانێکی نەتەوەیی دەژمێردرێن وەک بەسەرهاتی (شێخی سەنعان) و وازهێنانی لە دینەکەی لەبەر خۆشەویستیی ئافرەتێک.

**ئەدەبی کوردی دوای دەسەڵاتی عوسمانی و بەتایبەتی لە باشووری بچووکدا:** لەلایەن نووسەری لاو کاک (حەلیم یوسف) کە خۆی لەدایکبووی شاری (عامودە). لە توێژینەوەکەیدا جەختی لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی وەک (جگەرخوێن، نورەدین زازا و بابی نازی) لە پاراستنی کەسایەتیی کوردی لەم پارچەی کوردستاندا.

**وێژە لە شانۆدا:** برای هونەرمەند (موحسین عوسمان) بابەتێکی بەپێز و سەرنجڕاکێش بوو. وردکرنەوەی هەندێ لایەنی نهێنی دەروونی مرۆڤ. دابەشکردنی (کۆمیدیا و تراژیدیا)ی بەستەوە بە قاشبوونی کۆمەڵ لە ئاستی چینایەتیدا.

**ڕۆڵی گۆڤارە کوردییەکان لە ئەدەبی کوردیدا:** لەلایەن برای بەڕێز (فەرهاد جیفری) پێشکەش کرا. کۆمەڵە گۆڤارێکی ونبووی بە سەر کردەوە.

**نرخاندنی گشتی لەسەر ڕۆمانی کوردی لە باشوور:**
لەلایەن (جەزا چنگیانی)وە. لەسەرەتادا ئاماژەی بەوە کرد ئەم بابەتە زۆر دەهێنێت لەسەری بوترێت، کاتەکەی دابەش کردبوو بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆمان لە ئەوروپادا و ڕۆڵی چینی بۆرژوا و ئۆرستۆکراتیی ئینگلیزی لە گەشەکردنیدا بەتایبەت لە سەردەمی (مەلیک فیکتوریا)دا. ئاماژەیەکی بە ئاستەمی چەند ڕۆمانێکی باشوور کرد و خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکەی خۆی (چۆن گەیشتمە لای خوا).


جەزا چنگیانی

**حەلاج لە ئەدەبیاتی یەزیدیاندا:** برای بەتوانا د.(زۆراب).
بابەتیکی زۆر بەنرخی بە سەر کردەوە. دۆزینەوەی حەقیقەتە ونبووەکان، ئەم کاکەیە گەڕاوە و دەگەڕێت بە دوای (حەلاجدا) کە پێی وایە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕی کورد بووە.

**نرخاندنی کورتەچیرۆکی کوردی لە باکووردا:** لەلایەن برای بەڕێز (مولازم ئۆزقان) ئەم برایە ئەندامی ئەنستیتوتی کوردە لە ئیستانبوڵ لەسەر داوای ئەنستیتوتی کورد لە بەرلین هاتبوو بۆ ئەم فێستیڤاڵە. لە دوای تەواوبوونی بابەتەکەی بە پێویستمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ساز بکەین:
**پ:** چۆن و کێ ئەنستیتوتی کوردی لە ئیستانبوڵ دامەزراند؟
**وەڵام:** کێ: موسا عەنتەر، ئیسماعیل بێشکچی، فەقێ حوسەین و مەدەنی سەرهان.


جان دۆست

**پ:** ئەرکەکانتان؟
**و:** کۆکردنەوەی دەستنووس و سەرگوزشتە بەنرخە میللییەکانی سەر زمانی خەڵکی و نووسینەوەیان بە ئامێری نوێ، پێگەیاندنی مامۆستای زمانی کوردی، کۆمەککردن بەو بێگانە و تورکە چەپانەی گەرەکیانە ئاوڕێک لە کورد و کێشەکەی بدەنەوە.
**پ:** ترس لای ئێوە مانای هەیە؟
**زەردەخەنەیەک گرتی و وتی:** ئێمە لە باکووردا (٢٠) ملیۆنین دەبێت لەناو ئەم بیست ملیۆنەدا چەند کەسانێک هەبن ئامادەی قوربانی بن، ئێمە لەوانەین.
لە کاتی پشووداندا بە هەلمان زانی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز (محەمەد ئەمین پێنجوێنی)ی شاعیر و سەرۆکی ئەنستیتوتی کوردی لە بەرلین بکەین:


محەمەد ئەمین پێنجوێنی

**پ:** نووسەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لە هۆڵێکدا کۆبوونەتەوە و گفتوگۆ لەسەر لقە ئەدەبییەکان دەکەن، کاک محەمەد لەناو مەڵۆی ئەم پێنووسانەدا دەڵێت چی؟
**و:** زۆر دەمێکە وشەی جوان ئاوێتەی مێژوومە و خۆم بۆ خزمەتی نەتەوەکەم و گرفتەکەی تەرخان کردووە. لەم ڕۆژەدا، لەم هۆڵەدا دەڵێم خۆزگەم بەم جۆرە فێستیڤاڵانە، لەو کاتەوەی ئەنستیتوتی کوردی لە بەرلین دامەزراوە و خۆیشم یەکێکم لە دامەزرێنەرەکانی، ئەم جۆرە کارانەمان بە ئەرک داناوە.
**پ:** بێگومان ئەمە یەکەم کار و دواکارتان نییە؟ کاری پێشوو و داهاتووتان؟
**و:** تا ئێستا سێ کۆنفرانسمان لەبارەی مێژووە، دوو کۆنفرانس لەبارەی زمان، بۆ ئەدەبیاتیش دوو کۆبوونەوە و لە داهاتووشدا کۆنفرانسێک تایبەت بە ئاڤێستا دەگرین.
**پ:** میوانێکی زۆرتان لە باکوور و شارەکانی ئەوروپاوە بانگهێشت کردووە، وەلێ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە کەسێک نەهاتووە، ئایا بیرتان لەوە نەکردبووەوە چەند نووسەرێکی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان بانگ بکەن؟
**و:** بەڵێ لە باشوور هەوڵماندا کاک (لەتیف هەڵمەت) بانگ بکەین، بەڵام تووشی گرفتی فیزە بوو هەرچەند تکام لە لایەنە سیاسییەکانی باشوور لەو بارەیەوە کرد بەڵام بێ سوود بوو. لە ڕۆژهەڵاتیش چەند جارێک لەگەڵ بەڕێز (بارامی وەڵەدبەگی) قسەم کرد بە مەبەستی میواندارێکردنی کاک (ئەحمەدی قازی، ئەحمەدی شەریفی، بارام وەڵەدبەگی و قانع) ئەمانیش بە هۆی گیروگرفتەوە بۆیان نەکرا بێن.
**پ:** دەتوانن کەمێک لە گرفتەکانتان بدوێن؟
**و:** کێ هەیە بێ گرفت؟ ئاشکرایە نەک ئێمە هەموو ڕێکخراوەکان تووشی گرفتی ماڵی بوون، ئێمەش هەروەها، هەرچەند لە ئەڵمانیا یارمەتی بۆ ڕێکخراوە کولتوورییەکان هەیە، بەڵام دەوڵەتی ئەڵمان تا ئێستا یەک (فینیگ، فلسێک) یارمەتی نەداوین، چونکە مۆری سیاسییان لە ناوچەوانمان داوە، هەرچی دەیکەین بە پوڵی زەحمەتکێشان و ئارەقی ناوچەوانی کرێکارانی کوردە.

**پەندی پێشینانی کوردی لە ئەدەبیاتی ئەحمەدی خانیدا:**
لەلایەن بەڕێز (حاجی جەعفەرەوە). هەوڵدانێک بوو بۆ ئاشکراکردنی هەندێ لایەنی شاراوەی (مەم و زین) و پشکنینی لایەنە هونەرییەکانی ئەم هونەرە.

**نەبوونی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا:**
لەلایەن برای نووسەر (حەمەسەعید حەسەن)ەوە. لە توانای کاک حەمەسەعیددا هەبوو، کە زیاتر و قووڵتر لەم بابەتە بدوێت بەتایبەتی خۆی نووسەرە و خاوەنی پێنووسێکی جەربەزە و چاونەترسە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەبەر نەبوونی ماوە ناچار بوو بابەتەکەی کورت بکاتەوە و قورسایی بابەتەکەی فەرامۆش نەکرد، نرخی ڕەخنەی ئەدەبی لە بونیادی لەشی ئەدەبیدا ئاشکرا کرد. لەم بارەیەوە بە چاکمان زانی بیدوێنین.
**پ:** بەڕێز مامۆستا حەمەسەعید حەسەن، لە ڕووانگەی بەڕێزتانەوە وەک پێنووسێکی ئازا و ناوێکی درەوشاوەی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی هاوچەرخ... ئاخۆ خانمانی شاعیر دەتوانن بە شیعر بەرەنگاری گرفتەکانیان ببنەوە؟
**و:** شیعر چونکە منداڵێکی گوێڕایەڵ نییە و لەژێر ساباتی دەسەڵاتدا ئۆقرە ناگرێت، هەمیشە گرفت بۆ دوژمنانی ئازادی دروست دەکات. شیعر هۆکار نییە، ئامانجە. بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکان ئەرکی شیعر نییە، من لە شیعری خانماندا بەدوای گوتاری ژنانەدا دەگەڕێم و بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانمە بەرهەمی ژنانی بوێر، ئەوانەی هەستی خۆیان سانسۆر ناکەن، ئەوانەی ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، ئەوەی توانای دەربڕینی بیروڕای خۆی نەبێت، کۆیلەیە.
**پ:** ئەگەرچی خەمی مرۆڤت بە کۆڵی وشەکانتدا داوە، کەچی کەسانێکی زۆر لێت تووڕەن... دەڵێی چی؟
**و:** دەشێ زۆربە، کە هەمیشە بەهەڵەدا دەچێت، تەنانەت نەفرەتیش لە نووسەرێک بکات، بەڵام داهاتوو هەمیشە ئامێز بۆ ئەو نووسەرە دەکاتەوە، کە دەوێرێت بڵێت: نا...
ئەو نووسەرەی خوێنەر ئەوق نەکات لاساییکەرەوەیە، ئەوەی کەس لێی تووڕە نەبێت مردووە، بەزەییم بەوانەدا دێتەوە، بە نووسین تووڕە دەبن. من زۆر شت دەخۆمەوە وەلێ پیش ناخۆمەوە، هەر قسەیەکم هەبوو شیاوی گوتن بێت دەیڵێم و ئەوەشی تووڕە دەبێت با بچێت (گۆلی وان)


حەلیم یوسف

بخواتەوە، (لوتەریامۆن) وتەنی: "بە تاقی تەنیا بە گژ دونیادا دەچمەوە."
**پ:** لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بوار لە بەردەم شیعردا تەسک بۆتەوە، تۆ بڵێیت بە ئاگری تەکنەلۆژیا باڵی پەپوولەی شیعر هەڵبکروزێت؟
**و:** ئاگری شیعر ئەگەرچی ئەو کڵپەیەی جارانی نەماوە، وەلێ خامۆش نەبووە، شیعری ڕاستەقینە ئەوەیە دەرگای دیوانی قەفەز دەکاتەوە و دەفڕێت و لە دڵی خوێنەردا دەنیشێتەوە. بە تەکنەلۆژیا باڵبەست ناکرێت، ئەگەر کڕنۆش بۆ خوای شیعر نەبات ناژی، تا ئینسان بمێنێت پێویستی بە شیعر دەمێنێت، هەنوکەش بەردەوام لە پێشکەوتووترین گۆشەی دونیادا فێستیڤاڵ بۆ شیعر ساز دەکرێت.

ل٣١